TURUN YLIOPISTOLLINEN KESKUSSAIRAALA
ÅUCS/ÅBO UNIVERSITETS-CENTRALSJUKHUS

**SASKE** Synnynnäisten aineenvaihduntasairauksien seulontakeskus

# ئەنجام دانی پشکنینی نەخۆشیە مێتابۆلیکیە دەگمەنە زگماکەکان بۆ منداڵانی تازە لەدایك بوو

(پشکنینی تاقیگایی – VasSeu)

**ئەنجامدانی پشکنینی نەخۆشیە مێتابۆلیکیە دەگمەنەکان زگماکەکان بۆ هەموو ئەو منداڵەنەی کە تازە لەدایکبوونە پەسەند دەکرێت (وەزارەتی سۆسیال و تەندروستی ٢٠١٤/٤/٧).** *بە هەڵسەنگاندن لە دوو هەزار منداڵی تازە لەدایکبوودا لە ئەنجامی پشکنیندا دەردەکەوێت کە یەك منداڵ نەخۆشیەکی ئەوتۆی لەگەڵدایە کە، دەکرێت ئەو زیانە هەمیشەییانەی کە لەو نەخۆشیەوە پەیدا دەبێت دەکرێت بە چارەسەرێك کە لە خێرا دەستی پێ بکرێت لاببرێت. بەگشتی دۆزینەوەی ئەو جۆرە نەخۆشیانەش بەبێ ئەنجامدانی پشکنینی تاقیگایی مەحاڵە. لە زۆربەی زۆری وڵاتانی ڕۆژئاوا دا چەندین ساڵ لەمەوبەر دەست کراوە بەم جۆر پشکنینانە بۆ تازە لەدایکبووەکان.*



ئەو منداڵانەی کە بە نەخۆشی ترسناکی مێتابۆلیکی نەخۆش دەکەون بۆی هەیە لەکاتی تازە لەدایکبوونیاندا وا دەر بکەون کە هیچ کێشەیەکی تەندروستییان نیە. بە پشکنینی تاقیگایی بەدوای نیشانە سەرەتاییەکانی ئەو نەخۆشیە دەگمەنانە دەگەڕێین، بۆ ئەوەی نەخۆشیەکان بدۆزرێنەوە و لە کاتێکی زوودا دەست بکرێت بە چارەسەرکردنیان. تەنها ئەو چارەسەرەی کە زوو دەستی پێ دەکرێت ڕێگری دەکات لە کەمئەندامبوونی منداڵ یان تەنانەت مردنیشی.

پشکنینەکە شتێکی ئاسانە: شتەکە **به دوو سێ دڵۆپ خوێن ئەنجام دەدرێت کە بەدەرزیەکی پێست وەردەگیرێت و دەخرێتە سەر کاغەزێکی مژۆك، ئەمەش کاتێك کە تەمەنی منداڵەکە ٢- ٥ ڕۆژە.**

ئەگەر لە ئەنجامی پشکنینەکەدا شتێك دەرکەوت، یەکسەر لە نەخۆشخانەوە پەیوەندی دەکرێت بە خێزانەکەوە. جارێکی تر نموونەی تازە لە منداڵەکە وەردەگیرێت لەپێناوی ڕوونکردنەوەی زیاتر، ئینجا دوکتۆر پشکنین بۆ تەندروستی منداڵەکە دەکات. زۆربەی زۆری ئەم جۆرە منداڵانەش لە درێژەی پشکنینەکاندا دەردەکەوێت کە نەخۆشییان نیە. ئەگەر ئەنجامی پشکنینە تاقیگاییەکە ئاسایی بوو، پەیوەندی بە خێزانەکەوە ناکرێت.

پشکنینی تاقیگایی منداڵانی تازە لەدایکبوو یارمەتیدەرە بۆ ڕێگرتن لە زیانەکانی هەندێك نەخۆشی زگماك.ئەو منداڵە دەگمەنانەی کە یەکێك لەو نەخۆشیانەیان هەیە دەکرێت ئەو پشکنینە و دۆزینەوەی پێشوەختی نەخۆشیەکەی ببێتە مایە ڕزگار کردنی ژیانی بەتەواوەتی.

هاوپێچ زانیاری وردتر دەخوێنیتەوە لەسەر یەو نەخۆشیانەی کە پشکنینیان بۆ دەکرێت. هەروەها زانیاری زیاتر دەست دەکەوێت لە *www.saske.fi*.

# گرینگە!

نموونەی تاقیگای پشکنینی تازە لەدایکبووان لە نەخۆشخانەی منداڵبووندا دەکرێت، ئەویش کاتێك کە منداڵەکە تەمەنی ٢-٥ ڕۆژە. ئەگەر وا ڕێکەوت کە پێش ئەوەی منداڵەکە تەمەنی ببێتە ٢ ڕۆژ (٤٨ کاتژمێر) ئەوساکە ورگرتنی نموونەی پشکنینەکەی لە تاقیگا ئەنجام دەدرێت. لەکاتی پێویستدا دوکتۆری منداڵانی نەخۆشخانەی منداڵان ڕێنمایی زیاترتان پێ دەدات سەبارەت بە پشکنینی تاقیگایی.

## زانیاری لەسەر ئەو نەخۆشییانەی کە پشکنینی تاقیگەییان بۆ دەکرێت:

**کەم کاری زگماکی غودەی دەرەقی (تیرۆئید)** کە پێی دەوترێت هایپۆتیرۆسی هۆیەکەی کەمی هۆڕمۆنی غودەی دەرەقیە. هۆڕمۆنی غودەی دەرەقی پێویستیەکی سەرەکیە بۆ نەشونماکردنی منداڵ و گەشەکردنی مێشکی. کەمی ئەو هۆڕمۆنە لە ساڵەکانی سەرەتای ژیانیدا دەبێتە هۆی شێوانی نەشونمای منداڵەکە بەشێوەیەکی سەخت و دواکەوتنی عەقڵی. ئەگەر بێتو لە کاتێکی زوودا کەم کاری غودەی دەرەقی بدۆزرێتەوە و لە یەکەمین هەفتەکانی ژیانیدا بە دەرمانی هۆڕمۆنی غودەی دەرەقی چارەسەری بۆ بکرێت ئەوا منداڵەکە بەشێوەیەکی ئاسایی گەورە دەبێت و گەشە دەکات. لە فینلەندا نەخۆشی هایپۆتیرۆسی لە ناو تازە لەدایکبوواندا نزیکە ١:٢٠٠٠ - ١:٣٠٠٠ دەردەکەوێت. نەخۆشیەکە بەدەگمەن بۆ ماوەیی (ویراسی)یە.

**زیاد گەورەبوونی غودەی ئەدرێناڵ (گورچیلە زیادە)** واتە هایپێرپلازای غودەی ئەدرێناڵ (CAH) هۆیەکەی ناتەواوی بەرهەمهێنانی هۆڕمۆنی ستیرۆیدی لە توێکڵی گورچیلەدا. ئەم هۆڕمۆنانە بەشداری لە کردەوە گرینگەکانی ژیان دەکەن وەکو ڕێکخستنی پارسەنگی شەکر و خوێ و شلە. ئەگەر چارەسەر نەکرێت بۆی هەیە منداڵەکە لە بارودۆخە سەختەکانی نەخۆشیەکەدا بەهۆی شێوانێکی مەترسیداری پارسەنگی خوێ و شلەی لەشی تەنانەت بمرێت. هەروەها نەخۆشیەکەی دەردانی هۆڕمۆنی نێرینەش زیاد دەکات. دەرکەوتنی زیاد گەورەبوونی غودەی ئەدرێناڵی زگماکی لە تازە لەدایکبوواندا بە ڕێژەی ١٠ ٠٠٠ :١ – ٠٠٠ ٢٠: ١ منداڵی تازە لەدایکبوو دەردەکەوێت. نەخۆشی (CAH) بە دەرمانێك چارەسەر دەکرێت کە کەموکورتی هۆڕمۆنەکە پڕ دەکاتەوە.

هەروەها بەپشکنینەکە گەڕان دەکرێت بەدوای **کۆمەڵێك نەخۆشی دەگمەنی میتابۆلیکی ترشی چەوری و ئەو نەخۆشیانەی کە بەهۆی خڕبوونەوەی چەوریە ئۆرگانیەکانەوە پەیدا دەبن.** (بۆ نموونە PKU, LCHAD, MCAD, GA1, MSUD یان تیرۆسینێمیا). لە فینلەندا زانیاری ورد لەسەر گشتی بوونی ئەم نەخۆشیانە نیە، بەڵام وا هەڵسەنگێندراوە کە ساڵانە لە وڵاتەکەماندا دەیان منداڵ لە دایك دەبن کە یەکێك لە نەخۆشیەکانی ئەم کۆمەڵە نەخۆشییەیان هەیە. ئەم نەخۆشیانە بەڕێگای پارێزی خواردەمەنی تایبەت و دروستکراوی خۆراکی چارەسەر دەکرێن.

زۆربەی ئەو نەخۆشیانە کە پشکنینی تاقیگەییان بۆ دەکرێت بە شێوەیەکی شاراوە بۆ نەوەکانی دواتر دەمێننەوە. لەو کاتەدا گۆڕانکاری هۆکاری بۆماوەیی بەهۆی هەڵگرە تەندروستەکانەوە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوێزرێنەوە، نەخۆشیەکەش تەنها لەو کاتەدا دەردەکەوێت کە دوو هەڵگر منداڵێکی هاوبەشیان دەبێت و هەردوولایان گۆڕانی هۆکاری بۆ ماوەیی دەگوێزنەوە بۆ نەوەکانی دوای خۆیان. لە هەموو دووگیانیەکدا ژن و پیاوی هەڵگری گۆڕانکاریە بۆ ماوەییەکە ٢٥% مەترسی ئەوەیان لەسەرە کە منداڵێکی نەخۆشیان ببێت.

ئەو نەخۆشیانەی کە پشکنینیان بۆ دەکرێت زۆر جار دەبنە هۆی تێکچوونی ترسانك لە کردەوەی مێتابۆلیزمدا. بۆی هەیە بەرهەمهێنانی وزە تێك بچێت یان بۆی هەیە مادەی ژەهراوی لە ئەندامەکانی لەشدا کۆببێتەوە. نیشانەکانیشی بۆی هەیە بۆ نموونە ڕشانەوە، نەشونمایەکی خراپ، دواکەوتنی عەقڵی یان تەنانەت مردنیش بێت. وا هەڵسەنگێندراوە کە ٥% ی مردنی نابەکام هۆیەکەی نەخۆشیەکانی میتابۆلیزمی زگماکی بێت. بۆ بەشێکی زۆری ئەو نەخۆشیانەی کە پشکنینیان بۆ دەکرێت چارەسەری زۆر باش هەیە. پێشبینی کردنی نەخۆشیەکە بەشێوەیەکی سەرەکی بەوە بەندە کە تا چەندێك زیان دروست بووە پێش ئەوەی چارەسەرەکە دەست پێ بکات.